# دارستانێك لەشمشاڵ ...

ڕۆژێك کەویستم وەها سەما بکەم کەقەت نەمکردبوو:سەمایەك بەرزترلەهەمووئاسمانەکان ،
ئێوە خۆشەویسترین سترانبێژی منتان فریو دا.
نیچە –وەهای گوت زەردەشت



نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com

لەچەمەراخانەی ئەو دیو کتێبەکانی (کامۆ) وە
چۆلەکەیەکی فاڵچی دەستمی خوێندەوە
هێڵە چەماوەکانی نێو لە پت
سەرەتای ئەو ڕێگایانەن دەچنەوە نێو شەڕگەکان
لەویٚ ، ئالآی سپی تەسلیم بوون
بەرماڵی سەربازەکانی ترسی مەرگە ...!
جەنگ، پە نجەرەی حەرامی ئەو ساختمانەیە
هەموو شتێکی لێوە دەبینی
عەشق نەبیٚ،
ئاسودەیی سەرخۆشەکانی شەقام نەبێت !
فەرسەخێکم مابوو بگەمە سەر پردەکانی ﴿ جن ﴾
کەناریەکی قەیرە قاوەیەکی بۆ گرتمەوە :
ڕاستە هێڵەکانی ناو دەستت
کلآفەی ئالۆزی چوار ڕیانەکانی چوون ونەچونە
لەماندوو بوونی ئێوارنی ئەو گەلآیانەدا دێیتەوە
بونەتە فرمێسکی درەخت
لەگەڵ گریانی ﴿ نالی ﴾دا هەڵدەوەرن ...
سلآو ...



**سڵاو لەو کچانەی ،**
**جەنگ سەری سپی بوودڵۆپێك خوێنیان نەڕشت**
**بۆ عەشق نەبێت**
**بۆشکانی قوفڵەکانی جەستە نەبێت . . !**
**مەرحەبا . . ساتەکانی ڕەها بوون**
**ئەو دیو تەوتەمی شوشەکان**
**گوناهی ئەو خوایەی لێدەڕژێ**
**دەرگاکانی بەکڵۆم دراوی بەجێهێشت . .**
**گوناهی داخرانی دەرگاکان بە ئەستۆ ی ئەو ڕیشۆڵانەی**
**بەدەم چاوەروانیەوە سەریان سپی بوو**
**بە ئۆباڵی نێڵە نێڵی ئەو ئاگرەی**
**لەتاریکی خۆیدا کوێر بوو**
**لەبەستەڵەکی خۆیدا رچی . .**
**بەر لە ﴿ عادە ﴾ بوونی کۆترەکان**
**رۆشتیەوە سەرێك لەو باخە بدە**
**سێوێك گۆرانی بۆ لاگاز بوون دەڵێت**
**لیمۆیەکی کەنەفت ، لەسێبەری خۆیدا باوێشك ئەدات**
**با لەمەکتەب دوا نەکەوێت !**
**کچێك لەخوار وەرینی گەلاکانەوە**
**بەخوێنی بێنوێژی هەنار**
**سەر پە نجەکانی رەنگ دەکات ، پێی بڵێ**
**بۆ گەرمیان دەچین**
**با لەقافڵەکانی خەیاڵ دوا نەکەوێت**
**ئەمرۆ دوا رۆژی پرسەی ﴿ ئەنفال ﴾ە . . . .**

لەگەڵ سنەوبەرێکی مەستدا ئێوارەیەك لە «گولآن» ەوە دێینەوە
قاچەکانمان ئاڵۆزکاون وەك خەیاڵی هاوڕێکانم
سەرمان قورسە هێندەی خەمەکانی نیشتیمان
وەك هەر چوار وەرزی هەڵە بجە . . !
زەمەنێك وەك گۆناکانت . . کەمێ ئاڵتر
گۆشتنتر لەقۆڵەکانت . . خۆزگەیەك
لەو دیو پەنجەرەکەتەوە زیندانێك
هەندێك لەوەی خۆت گەورەتر ،
لەسەر خەتە زەنگێ لێدە . .

لێرە گۆرانیەکەت بێژە ،
دیوارەکان گوێت لێناگرن . .
عوزلەتی من و تۆ یەکە
دارکونکەرەیەکی هاورێم هەس
هێندە تالأوی دیلی چەشت
دارستانێکی سەرا پا کردە شمشاڵ . .
بێ بمکە بە شمشاڵێکی هەناو کون کون
کەمێك نەرمتر لە پەنجەت ،
بەچرپەیەك دێمە سەماو خۆم دەژەنم . .
ئایەتەکانی عوزلەتی تۆ لەنوێژەکانما دەخوێنم
تۆ نیشتمانت وون نەکرد
نیشتمان تۆی وون کرد !!
من نیشتمانێکم هەبوو
چوار پەنجە لەخوار گۆی مەمکی چەپتەوە
لە نوێژێکی بەیانیدا مەلای مزگەوت سورەتێکی ترسناکی بۆ خوێندین ،

لە حەژمەتـا لێم بزر بوو

لەو ساتەوە . .

قـاوەی مەییوی گشت فنجانەکان گەڕام

دەسی منـاڵەکانی گەرمیـانم خوێندەوە

سارایەك تـا چاو بر بکات چۆڵەوانی

تـا تینوو ئارەزووکات قـاقڕ

تـا هەڵە بجە لێواو لێو بێت

س ێ و

نیشتیمـان بوو . . !!.